سەرهەنگ میرزا وەرزشکاری دێرین و خاوەن ئەزموون

لە پێناو زیاتر گرنگیدان بە رەوتی وەرزش لە دەڤەرەکەماندا، گۆڤاری رانیە بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانیوە کە هەرجارەو دیدارێك لەگەڵ یاریزانێکی دێرینو خاوەن ئەزموونداساز بکات، لەم کارەشدا چەند مەبەستێکی هەیە هەروەکو کارو ئەزموونی ئەو وەرزشکارە تا لاوەکانمان سوودی لێ ببینن و ببێتە هاندەرێکیان تا چالاکانە تر رووەو دنیای وەرزش هەنگاو بنێن و زیاتر بە پەرۆش بن بۆ ئایدنەی وەرزش لە شارەکەماندا. هەروەها هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی تایبەت بە ژیانی ئەو مرۆڤە مەزنانە تاکو هەمووان ئاگادار بن لەوەی ئاخۆ چۆن توانیویانە بگەنە ئەو ئەنجامە کە بە دەستیانهێناوە هەروەها چۆن توانیویانە خۆشەویستی جەماوەر بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

دیداری ئەمجارەشمان لەگەڵ وەرزشکاری بەتوانا کاك(سەرهەنگ میرزا)یە، گۆڤاری رانیە چەند پرسیارێکی ئاراستەکردو ئەویش راشکاوانە وەڵامی داینەوە.

پ/ بە کورتی کاك سەرهەنگ میرزا کێیە؟

و/سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە،من ناوم سەرهەنگ میرزایەو لە دایکبووی (١٩٥٤)رانیەمو لە ساڵی ١٩٦٤ یشەوە دەستم داوەتە یاری کردن، ئێستاش فەرمانبەرم لە لقی کشتوکاڵی رانیە.

پ/دەکرێ شتێکمان بۆ باس بکەیت لەسەر مێژووی دروستبوونی یاری(تۆپی پێ) لە شاری رانیەدا؟

و/سەرەتای دەرکەوتنی، یاخود مێژووی دروستبوونی یاری تۆپی پێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٤) ئەوسا شاری رانیە لە چوار گەڕەکی سەرەکی پێکهاتبوو(گڵینجان، رەشەمێرگ، سەرا، قەڵات) وە یاری تۆپی پێش لەم گەڕەکانەوە سەریهەڵدا. ئەو کاتەش لەهەر گەڕەکەو چەند کەسێك دەست نیشان دەکرا ئیتر دەست دەکرا بە یاری کردن،بەلام سالانی(١٩٦٥-١٩٦٧)گۆڕانی گەورە بەسەر یاری تۆپی پێدا هات لەشاری رانیە.چونکە بۆیەکەمین جار ساڵی (١٩٦٧) توانیمان تیپێك دروست بکەین بە ناوی تیپی (قەندیل) کە یەکەم تیپی تۆپی پێ بووکە چەند یاریزانێکی بەتواناو خاوەن ئەزموون تێیدا یاریان دەکرد وەك (سەرهەنگ میرزا - زرار محمد-عارف حمدامین-فوئاد میرزا-سەردار کەمال-محمد عەزیز.....) وە یەکەم یاری کە کردمان لەگەڵ سوپای ئەوسای عیراقدا

بوو،دواتر لەگەڵ چوارقورنەش یاریمان کرد، بەلام لە ساڵی ١٩٦٨ گۆڕانێکی تر رویدا بەسەر وەرزشی تۆپی پێ لە رانیە ئەویش بە هاتنی مامۆستا(قادر) بوو بۆ شاری رانیە کە خاوەن خیبرەو ئەزموونێکی باش بوو ئێمەش کردمانە راهێنەری خۆمان ئیتر وردە وردە جەماوەریش لەیاریەکانمان کۆدەبۆوە ،هەرچەندە یەکەم یاری کەلەگەڵ (کۆیە) کردمان دۆڕاین سێ بە سفر،بەلام جەماوەر رازی بوون لە یاریەکەمان تەنانەت جەماوەری کۆیەش رازی بوون لە یاریەکەی ئێمە.هەتا ساڵی ١٩٦٩ لە ژێر ناوی تیپی قەندیل ماینەوە،بەلام ساڵی(١٩٧٠) ناوی گۆڕی بۆ (بیتوێن)و چەندین یاریزانێکی تری بە ئەزموون هاتنە ناو ئەم تیپە وەك(ئازاد میرزای رەحمەتی- وریا قادرو.....هتد). ئەمانە یاریزانی باش بوونبەم شێوەیە بەردەوام بووین لە یاری تا ساڵی (١٩٧٤)،دوای ئەوەی چەند گۆڕانکاریەکی گەورەی سیاسی بەسەر کوردستاندا هات تیپەکەی ئێمەش وەکو خۆی مایەوە تا دوا جار رەوتی وەرزشی گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات بە دروستبوونی تیپی(کێوەرەش) لە ساڵی(١٩٧٧) ئەم تیپە بە سەرەتایەکی زۆر باش و بەهێز دەستی پێکردو چەند یاریزانێکی بە توانا هاتنە ناویەوە وەکو(وشیار فتاح- عوسمان صالح- عمر حەمە عەزیز- رزگار میرزا- نیازی حەمە عەزیز)ئەم تیپە لە ساڵانی(١٩٧٧-١٩٨٠) بە ئاستێکی زۆر بەرزەوە یاری دەکرد، وە لەگەڵ شارەکانی کەرکوك و هەولێرو سلێمانی و زاخۆدا یاریمان دەکردو زۆر بەهێزیش بووین .

پ/یانەی وەرزشی کێوەرەش لەکاتی دروستبوونیەوە، وەك یانەیەکی بەهێز هاتە پێشەوەو خۆی بە جەماوەرەکەی ناساند کەچی هێدی هێدی ئەو ئاستە بەرزەی لە دەستدا کە پێی ناسرابوو، ئەمە هۆیەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

و/بەڵی زۆر راستە، پرسیارەکەت زۆر جوانە، لە ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٠ تیپەکەمان زۆر بەهێز بوو، لەگەڵ ئەوەی لە رووی مادییەوە کەموکوڕیمان زۆربوو،بەلام چونکە گیانی هاوکاری و لێبوردەیی لە ناو یاریزانەکاندا زۆر بە هێز بوو هەروەها هەموومان خەمخۆری ناوبانگی شارەکەو پەرۆشی وەرزش بووین،وەرزش لە شارەکەمان زۆر گەشەی کردبوو.بەلام لە دوای هەشتاکانەوە بەهۆی شەڕی عیراق- ئێران وەرزش لەم شارەدا رووەو کزی رۆیشت بەلام لە ساڵانی نەوەدەکاندا یاری گوڕوتینێکی تری وەرگرت بە تایبەت لە ساڵی ١٩٩١ ،ئەگەرچی